# لافاوێکی تازه له شانۆی کوردیدا

سازدانی : شاخەوان عبدالله



وەك نەریتی سالآنەی پەیمانگای هونەره جوانەکانی هەولێر قوتابیانی بەشی شانۆ لە دوا قۆناغی پەیمانگادا کارنامەی دوایین قۆناغ پێشکەش بە پەیمانگاو هونەرمەندان و بینەران دەکەن . دیارە لە ڕۆژی یەکشەممە لە ٢٠٠٦\١\٢٢ شانۆگەری ( نابیناکان) لە نووسینی (مۆریس مەتەرلینگ) و دەرهێنانی قوتابی (بارزان مەحەمەد ئەسعەد) لە هۆڵی پەیمانگا نمایش کرا , شایانی باسە بینەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی هۆڵی نمایشەکە بوون ,ئێمەش بە باشمان زانی ریکۆردەری ئەم جارەمان بخەینە بەردەم مامۆستایان و هونەرمەندان و قوتابیان . بۆزیاتر ڕوونکردنەوەیەك لە شانۆگەری (نابیناکان) .

سەرەتا مامۆستای پەیمانگا (وەلید مەعروف) سەبارەت بە نمایشەکە ووتی : من دەڵێم لەوەتەی لەو بوارەم ( بواری شانۆ ) پشتگیری لە گەنجەکان دەکەم , وە تیپەکەم وەختی خۆی پێش ٢٥ساڵ هەر گەنج بوو وە گەنج بەردەوام ئەو تاقەیەی کە تۆ ئەتوانی ئیعتیمادی لەسەر بکەیت و بیکەیت بە شت . ئینجا لێرە پاش گەرانەوەم دوای پانزە , شانزە ساڵ گەنج ئەبینم تاقەی هەیە دەتوانیٚ شت بکات

هەر لەم کاتەدا قوتابیانی پەیمانگا و بینەرانی ناو هۆڵی شانۆ دەستیان بە هەڵهەڵەو چەپڵە ڕێزان کرد, بۆیە (وەلید مەعروف) لەم کاتەدا

ووتی : ئینجا ئەوانەن کە گوێت لە هەڵهەڵەکە بوو ئەوان لافاوەکەن بارزان ئێستا بەشێکە لەم لافاوە, ئەو پاشکەوتنەی هەمانە , ئەو قەیرانەی باسی ئەکەن , ئەو گەندەڵییەی باسی لێوە ئەکەن ئەوانەن لای دەبەن ئەوانەن دێن و هەموو شتێك ئەکەن و کۆمەڵ دەگۆڕن و وولآت دەگۆڕن و هەموو شتێك دەگۆڕن ئینجا هەر ئەوانەن و هەر ئەوانەش بەخۆیانن ئەگەر منیان ویست من پشتگیریان دەکەم ئەوانەن لافاوەکە دیسان دێن , لافاو نییە بەو مانایەی کە خەڵك بکوژێت یان خەڵك بخنکێنێت بەڵآم لافاوەکە بۆ گۆڕانکاری و بەرەو ئاسۆ , بەرەو ئایندەیەکی ڕووناك بۆ منداڵەکانمان و بۆ نەوەی منداڵەکانمان .



هەروەها مامۆستا (مەهدی حەسەن) سەبارەت بە شانۆگەری ( نابیناكان ) ووتی : سەرەتا دەست خۆشی لێ ئەكەم ,هەنگاوێكی باش بوو , كارەكانی تری بارزانم نەبینیبوو بەڵام ئەو ئیشەیان ئیش بوو چونكە ئەم دەقە دەقێكی قورسە , ئەكتەرەكان ئەكتەری باش بوون , لە ڕووی ڕووناكییەوە باش بوو بەڵام وەكو دەق بارزان كەوتبووە شتێك كە ئەوان چاوەڕێی شتێكیان ئەكرد كە ڕزگاریان بكات كە لە جنسی مرۆڤ بوو ئەویش قەشە بوو ئەو قەشەیە كابرایەكی تری هێنابۆوە كە بە مردوویی بوو دەبوایە ئەو نابینایانە لەگەڵ ئەو كەسە برۆشتبونایە ئیتر كێیە سوڵتەیە هەرچییەكە موشكیلەیەك نییە گرینگ ئەوەیە لەوێ ڕزگاریان بكات , گرینگ هەنگاوێكی باش بوو دەست خۆشی لێ ئەكەم گەنجێكە حەز ئەكەم بەردەوام بێت .

دوایی مامۆستای پەیمانگا (یوسف عوسمان) بۆ كارە شانۆییەكە ووتی : ئەم شانۆگەرییەی ئەمڕۆ بینیمان من وەكو مامۆستایەكی پەیمانگا قسەی لەسەر ناكەم بەڵكو وەك هونەر سەیری ئەكەم چ لایەنی هونەری چ لە شێوەو ناوەڕۆك ئەمڕۆ شتێكم بینی ڕاستە بارزان تێكەڵاوی ڕۆژی ئەمڕۆی كردبوو بەڵام من یەك لێكدانەوەم هەیە بۆ هونەر كە توانیت ئاوێتەی بكەیت لەگەڵ ئەمڕۆ ئەو دەقێكی هێنابوەوە لە ئاو و هەوایەك و لە وولاتێكی تر و لە نووسەرێكی جیا لە ئێمە و هاتووەلێرە وای لە ئێمە كردووە خۆمان لەسەر شانۆ بدۆزینەوەو بە خۆماندا بچینەوە هەتا كە لە كۆتاییەكەی پێت ئەڵێت (بیركەوە بیركەوە ..........) ئەمە بەسە یانی بە ڕاستی لە كوێرەوەرییەكی زۆر سەیر ئەژین هەمووومان باڵ و بازووی خۆمان لێهەڵكردووە كەچی زۆر كوێرانە بیر ئەكەینەوە . دەستی دەرهێنەر ئەگوشم وەیەكە یەكەی ئەكتەرەكان .

مامۆستا لە بەشی شانۆ (مەحەمەد جەمیل ) سەبارەت بە ئیشەكەی قوتابی دەرهێنەر بارزان لە ڕووی هەڵبژاردنی دەق و دەرهێنان ووتی : من گەیشتمە ئەو باوەڕەیكە پەیمانگا بۆتە كودەتایەك بەسەر ئەو جیرانەی كە وایان هەست ئەكرد ئیتر تەواو شانۆ دوای ئەوان كۆتای دێت بەڵام پەیمانگا پردێك بوو بۆ پەڕینەوە بەسەر هەموو شانۆ جیهانییەكان هەروەها سەلماندی كە بینەری شانۆ لە بەردەوام بووندایە ئەو كەسانەی كە خەیاڵیان هەیە بینەریان هەیە وە ئەو كەسانەی شتی تازەیان پێیە بینەریان هەیە وە ئەم ئیشەی ئەمڕۆ سەلماندی كە قوتابییەكانی پەیمانگا بوونەتە چیایەك كە ناتوانم بە چ شێوەیەك وەسفی بكەم چوونكە ئیشەكە ئەوەندە جوان بوو لەڕووی هونەرییەوە , لە ڕووی ئەدەبییەوە قوتابی دەرهێنەر توانیویەتی پەیوەندییەكی جوان بكات لەگەڵ چەند شاعیرێكی نوێ خواز كە ئەمەش لەپێناوی خزمەتكردنی نمایشەكەدابوو لە ڕووی تەكنیكی جەستەوە توانیبویان خۆیان زۆر ماندوو بكەن لە

Kurdistan.net کوردستان نێت

ڕووی ئەکتەرەوە تەقینەوەیەکی تریان کرد [illegible] ڕووناکی و فەزای شانۆ توانی دەرهێنەر بە شێوەیەکی پوخت کاری تێدا بکات .



**مامۆستا (کارۆخ ئیبراهیم) لەسەر شانۆگەری (نابیناکان) ووتی :** شانۆگەرە نابیناکـان دوایـین کـاری بـارزان محەمـەدە, پێموایـە یەکێکە لە کارە سەرکەوتووەکانی ئەو کارو و چالاکییانەی کە لە بەشی شانۆ پێشکەش کراوە . دەقـی نابیناکـان کـە بـاس لـە نابیناکان ئەکات لە ڕووی عەقلییەوە لێناگەڕێ شتەکان ببینێت و لە سەریان بدوێت تەنها لــە چوارچـێوەیەك ئەکۆڵێتـەوە هـەتا بلێین دەسەلات کار لەسەر هەموو ناخەکان ئەکات  بە گشتی ئەتوانم بلێم زۆر بەجوانی کاری هونەری و دەرهێنەری بۆ کرابوو وە بێگوومان نموونەی وەك بارزان و هاوڕێیانی و ئەو کەسانەی کە بە دوای ئەو شۆڕشە فیکرییەی کە بارزان نـاوی نـا وە هـەر وەها ئەو کەسانەش کە ئەڵێن گەنجەکان وەك گردۆلەیەك وان ناگەنە چیا بەرزەکان ئەوا ئەو گەنجانەن زەنگـی مەترسـی لێئـەدەن چوونکە چیاش لە ووردە بەرد درووست ئەبێت بە هیوای بەردەوامیم بۆی .

**مامۆستا گێلاس ناسر حەسەن**

سەرەتا من زۆر دەست خۆشی لە ئیشەکەی دەکەم یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی شـانۆ ئەوەیـە کـە لـە کـاتی دەسـت پێکردنـی شانۆکە ئەبێت باری دەروونی گشتی نمایش ببینرێت بێگوومان ئەو خاڵە سەرەکییەم بینی .سەبارەت بە ئیخراج و پلانـەکانی زۆر جوان بوون , سەبارەت بە ڕووناکی زۆر جوان بوو بەلام لە هەندێك حاڵەتەکان ڕووناکی نەئەگونجا لەگەڵ تەمسیلی ئەکتەرەکان

, سەبارەت بە ئەکتەرەکان ئەوەی سەرنجی ڕ[illegible] [illegible] ی تیابوو ئـەویش ڕێـژین و هۆشـەنگ بوون بە هیوای سەرکەوتنیان دەستخۆشی لەوانی تریش ئەکەم .



قووتابی پەیمانگا ڕزا عوسمان سەبارەت بە نابیناکانی (مۆریس مەتەرلینگ) ووتی : ئەم نمایشەی ئەمرۆ بینیمـان هەڵبـەت کـارێکی جوانە کاتێك مۆریس مەتەر لینگ ناوی ناوە نابیناکان تەنها نابینای چاو نییە بەڵکو ئەوەندەی نابینای عەقلییە ئیشی لەسەر عەقل کردووە . من پێم وایە تا ڕادەیەك لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ئەگونجێت چوونکە ئێمە لە گۆمەڵگا هەر یەکێکمان نابینایین هـەروەها لە ڕووی دەرهێنانەوە کارێکی سەرکەوتووانە بوو ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیار بـوو وە هـەروەها هەریـەك لـە ئەکتـەرەکان توانیبووی بچێتە ناو دەورەکەی خۆیا .

هێرش صەبری وەك ئەکتەرێك لە شانۆگەری نابیناکان ووتی: بەڕاسـتی بـەمانای کەلیمـە بـارزان محەمـەد قووتـابی نییـە بـەڵکو دەرهێنەرە لەبەر ئەوەی توانی بەشێوەیەکی زۆر جوان هەموو ئیفاع و دابەشکردنی ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی جـوان دابەشـبکات ئێمە نزیکەی دوو مانگە پرۆڤە لە شانۆگەری نابیناکان دەکەین دەرهێنەر زۆر لەگەڵمان ماندوو بـوو سوپاسـی هەسـتی بـەرزی ئەکەین ڕۆلی من لەم نمایشە ڕۆلی پیـاوێکی بەتەمـەن بـوو کـە قەشـە ئێمـەی هێنـابوو بـۆ ئـەم شـوێنە کەشـوێنێکی تاریـك وەك حەشارگەیەك وابوو سەبەبی سەرەکی کارەکە ئەوە بوو کەوا ئێمە لەم شوێنە ڕزگارمانبێت و بـچینە شـوێنێکی وا کـە ژیلـنێکـی خۆش بەسەر بەرین .

هۆشەنگ عادل لە ڕۆلی سەرەکی کوڕە لاودا بوو لە نمایشی نابیناکان ووتی : من لە ڕۆلی کوڕە لاودابووم کە مرۆڤێکـی کـوێر بوو رۆلێکی باش بوو گرانیش بوو چونکە کارکردن لەم دەورانە ئەستەمە سەبارەت بە بارزان محەمەد دەرهێنەرێکی باشە بە ڕەئی من وەکو مامۆستاکان هەقی ئەوەی هەیە ببێت بە مامۆستا لە پەیمانگا .

ڕێژین بەدرەدین خانمە ئەکتەر سەبارەت بە دەورەکەی ووتی : دەوری کچە لاوم هەبوو لەم شانۆگەرییە,من وەکو ئەکتەرێك لەو نمایشە بەڕاستی نازانم بینەر تا چەند لێم ڕازی ئەبێت ئەمە ئەگەڕێتەوە سەر ئەوان وە تا ئاستێك دەرهێنەر لەگەڵمان مانـدوو بـوو دەستخۆشی لەو کەسانەش ئەکەم کە یارمەتی داین وە ئەو شتانەی کە دەرهێنەر بە ئێمەی ووتبوو توانیبێتمان بیگەیەنین بە بینەر .

Kurdistan.net کوردستان نێت

دلڤین موحسین لە ڕۆڵی پیریژن لە شانۆگەری [illegible] پیریژنم هەبوو وابزانم تا ڕادەیەك سلبی بوو لەبەرئەوەی زیاتر لایەنگری قەشەم ئەکرد کە قەشەش ئەو هەموو خەڵکەی دەربەدەر کردبوو وە ئیشکردن لەگەڵ شەم دەرهێنەرە زۆر خۆش بوو زۆر لێی ڕازین بەڕاستی زیرەك بوو لە زۆر شتا فێری کردین هیوادارم سەرکەوتوو بێت .

گۆران ساڵح قوتابی قۆناغی پێنجی پەیمانگا لە بەشی دەرهێنان ووتی : ئەم شانۆگەرییەی ئەمرۆ بینیمان من وەکو قوتابییەك وە هەر بەشداریش بووم لەو کارەی بارزان محەمەد وەك جێبەجێکردنی ڕووناکی . ئەو کارە سنبولیەی مۆریس مەتەرلینگ کە واقیعێکی نا عەقلانی ئەبینین کە نزیکە لە واقیعی خۆمان کۆمەڵێك نابینا ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر بۆ دەرباز بوون لەو شوێنەی کە تێیدا گیریان خواردووە کە چاوەڕێی کۆمەڵێك کەس ئەکەن کە بێن و رزگاریان بکات ئەو کەسانە کەسەرکردەی گەل و کۆمەڵن بارزان محەمەد زۆر بە جوانی توانیبووی بەرجەستەی کارەکە بکات وە ئەکتەرەکان ئاستێکی جوانیان پێشکەش کرد کە جێگای سەرنج بوو لەوانەش هۆشەنگ و ڕێژین و هێرش بە هیوای سەرکەوتنم بۆ یان .

دەرهێنەری شانۆگەری نابیناکان بارزان محەمەد بۆمان دووا : نووسەری گەورەی نابیناکان مۆریس مەتەر لینگ لەم دەقەدا هاتووە وێنەیەکی فیکری وێنەیەکی نا عەقلانی سەردەمی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وێنە کردووە لەم دەقەدا هاتووە ئەوەی ئێمە لەژێر دەسەلآتمان نییە بە چاو نایبینین هەموو شتێك لە ژێر دەسەلاتی گەورەکاندایە ئەو قوفلەی کە لە مێشکی ئێمە دایە پێویستی بە کرانەوە هەیە مەتەرلینگ پێمان دەلێت ئەو پیاوە پیرانەی هەر جارێك بە شتێك هەڵمان دەخەڵەتێنن کە پێمان ئەڵێن ئێمە تەجروو بەمان زۆرە یان نوێنەری خواوەندەکانین یان ئەڵێن ئێمە لەلایەن دەسەلآتی فلان و فلانەوە هاتووین من هاتووم ئیشم لەسەر نابینای عەقلی مرۆڤ کردووە ئایا ئێمە چۆن ئەتوانین ئەو قوفلەی مێشکمان بکەینەوە وەك وتەکەی مارکس ئەڵێت بۆ ئەوەی داهاتوویەکی خۆشگوزەران لەسەر زبڵدانی مێژوو بونیاد بنێین دیمەنە ناشرینەکان بسرینەوە شتە شاراوەکان ئاشکرا بکەین زیاتر بە نهێنی کار نەکەین شتەکان زۆر روونتربن دەسەلآتیش ئاگاداری هەموو بیرو بۆچوونەکانی ئێمە بێت و لێمان وەرگرێت .

